# راوێژكاریت ئێ...ریش سپیش بیت نەو!!

نوری بێخاڵی

جاران و رەنگە ئێستاش هەروا بێت، ئەگەر شتێك زۆر بوایە دەیانگوت وەك تۆركەی بەهارانە، ئەمرۆش پیشە و پۆستی راوێژكاری بەرپرس و دەزگاكانی حكومەتی كوردستان رێك وەك تۆركەی بەهاریان لێهاتووە، هەر لەسەرۆكی حكومەتەوە بگرە تا دەگاتە بەڕێوەبەر و بەرپرسی فەرمانگەی كوێرە دێیەكی ئەم ولاتە راوێژكاریان هەیە، بێگومان شتێكی ئاسایی و باویشە كە كاربەدەست راوێژكاری هەبێت و بیروڕای لەمەڕ پرس و بابەتەكان لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بكات و ئەمە لە هەموو دونیادا هەیە، بەمەرجێ ئەو كەسە شایستەی ئەو شوێن و راوێژكارییە بێت، كە بەداخەوە لە كوردستاندا ئەمەش وەك زۆربەی شتەكان پێچەوانە بۆتەوە، چونكە لە بەدبەختی كورد خوا وای هێناوە كە هەندێكیانی لێدەرچێت، كە بە پەنجەی دەست و كەمتریش دەژمێردرێن، ئەوانیتر هریان بەسەر فرەوە نییە و لە ئیمتیاز و مووچە و بەخشیشەكانیان بترازێ نیسك و ماش لێك دەرناكەن..

ئەو زاتانە كە هەمەچەشنن فرە (پسپۆرین!!)، دەكرێ بەسەر جۆری جیاوازدا پۆلین بكرێن، بەڵام دواجار هەموویان لە خاڵ و خەسڵەتێكدا یەك دەگرنەوە، ئەویش ئەوەیە كە راوێژكاری بێكارن و كەس هینەكەش بە كڵاویان ناپێوێ...هەندێكیان لە خەونیشدا ئەو پۆستەیان نەبینیووە و وەك ئەوەی عەسای موسا لە پشتیانەوە بێت خراونەتە ئەو شوێنانە..هەندێكیشیان هەن ئیتر یان نەخۆشییە گرتوویانە، یان فزولە، پێ لە بەڕەی خۆیان درێژتر دەكەن و كورد گوتەنی (لە هەموو بوكێك دەبنە بەربوك)..هەیانە زمانلوسی و مامەحەمەییەكی تەڕی كردووە و تەنها و تەنهاش لە سەرەی مووچەی مانگانەكەیدا بیری دەكەوێتەوە چ كارەیە، تیاشیاندا هەیە نووسینگە و ئۆتۆمبێل و شوفێر و پاسەوانی تایبەتیشی هەیە، بەڵام بەس پرسە خەسوانەی پێدەكەن..لە نێویشیاندا هەس سێبەری خۆی لێ بووەتە كەڵەگا و هەر سەری بۆ بلەقێنن (یان وەك یێژن تروسكەی سەوزاییەك ببینێ) دۆ و دۆشاو تێكەڵ دەكات و خۆی لێ دەبێتە خاوەنی هەموو كار و بڕیارێك و .........هتد.

لە نێو ئەو زاتانەدا وردتر مەبەستمان ئەوانەن، كە (باز)ی بەخت، نەك شان و شكۆ و شارەزایی و لێوەشاوەیی كردوونی بەو بابایە، كەچی خۆیان كردۆتە ریش سپی خەڵك و بە بوارەكەی خۆیان نەوەستاون و دەست بۆ هەموو كونێك دەبەن، وا خۆیان نمایش دەكەن كە زمانحاڵی هەموو نەتەوەن و ئەو ماف و دەسەڵاتە بە خۆیان رەوا دەبینن، كە سەر لە نوێ خودی خۆمان و بوون و مێژوو و شوناسمان پێناسە بكەنەوە، بەوەشەوە ناوەستن و بە پاساو و بیانوی پروپووچی بێ بنەمای نێو دەمامكی بانگەشەكانی سەردەم دێن رووقایمانە ئامۆژگاریمان دەكەن و تەلقینمان دەدەن، ئەوە لە كاتێكدایە كە دڵنیام ئەو زاتانە پیتێكیان لە مێژووی ئێمە نەخوێندۆتەوە و بە ویستی خۆیان مانا و مەدلول بە باڵای چەمك و ئامازەكان دەبەخشن و هێشتا لە ژێر كاریگەری بەنجی (هەرێمچێتی!) زادەی هوشیاری داگیركەران بێدار نەبوونەتەوە..ئەو بەڕێزانە لەوانەیە خەونی رزگاری نیشتمانی و ناسیونالیستیان چوارچێوەی خێزان و بنەماڵە و عەشیرەت و گوندەكەیان تێپەڕ نەكات، بۆیە ئێستا بەو ناوەی دونیا بۆتە گوندێكی بچووك، لایان وایە بە سێ پارێزگا و چەند شارۆچكەیەكی بێ پیشەسازی و ژێرخانێكی ئابووری داتەپیو كوردستانی گەورە رزگاربووە و خاوەنی دەوڵەت و سنور و سەروەرین، سنور و سەروەرییەك كە تێیدا و لە سایەیدا بۆ زیادكردنی مووچەی فەرمانبەرێكمان و دابینكردنی دەبەیەك نەوت و بەنزین و گازی (كەركوكی دڵ و قودس و بوك و رۆژی كوردستان!!) و كۆبۆنی ئازووقەی مانگانە و وەجبەی داوودەرمانی نەخۆشخانەكان و تاوەرێكی كارەبا و لێدانی بیرێكی ئیرتوازی ئاو (نەك نەوت!!) لە كوردستانی ئازاددا دەبێ چاو لەدەستی بەغدای هیوا و ئاشتی و ئازادی و بەیەكەوە ژیان بین و خاتوو (رایس)یش ئامۆژگاریمان دەكات، كە ئەو ناماقوڵییە نەكەین بەبێ پرسی عیراقی عەرەبی نەوت لە خاكی كوردستان دەربێنین، جگە لەوەی دەبێ هەموو بەر لە چوونە نێو كەژاوە هەر ساڵێكی نوێ شەڕە شەق لەسەر بەشی بۆدجە و داهاتی خۆمان لە بەغدا بكەین، كە سێ یەكی سەرچاوەی ئەو داهاتەش بەرهەمی خێروبێری ولاتی خۆمانە، چش لەوەی بە نیوەچڵی قەرزی بۆدجەی ساڵانی پێشترمان دەدەنەوە یان نا!!

بێگومان ئەم بەڕێزانە بەو كارانەیان دەیانەوێ لە یەك كاتدا لە ناڵ و بزمار بدەن، لەلایەك خۆڵ بكەنە چاوی خەڵك و هوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانیان كوێر دەكەن، لەسەرەكەی تریش بەو بەیتو باڵۆرانە دەیانەوێ وا نیشانی حكومەت و دەسەڵات و فەرمانڕەوایانی باشوری كوردستان بدەن، كە گەرەكیانە بەو گاڵتەجاڕی و مناڵبازارییانەیان زاخاوی مێشكی نەوەی نوێ بدەنەوە و هوشیارییەكی سیاسی هاوچەرخ و تەندروستیان لا دروست بكەن...لە هەموو ئەوانەش خۆش و سەیرتر ئەو هەرزە گۆ و فەریكە قەڵەمانەی زادەی كەفوكوڵ و هەڵچوونی هەرزەیین، كە دێن بە وشەی بریقەدار چاوی ئەو زاتانە ماچ دەكەن و دەستیان دەگوشن و بە نەوەی گۆڕان و عەقڵی داهێنان و هێزی شۆڕش و نوێبوونەوە و شكاندنی تابۆ و تەوتەمی رەسەنایەتی ناویان دەبەن (كە ئەوە رای تایبەتی خۆیانە و دەكرێ رێزیان بگرین، نەك بكەوینە ژێر تارماییەكانیان!!)، ئەو دەنگ و رەنگ و نركانەی، ئەگەر قیژەی خۆبەتاڵكردنەوە و سیمای تورەیی و هەناسە سواریان لێ بسێنیتەوە، توانای گوتنی پیتێكی تری ژیاندۆستیان نییە، ئەوانەی لە نێو نەهامەتی شەقام و بەكاوێژكردن لەسەر جەستەی ئەو

ناسۆرییانەی خەڵك و بە لۆژیکی بانێکە و دە هەوا (لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ چییەتی و ماهییەتی دەزگا و دەسەڵاتدارانی کوردستاندا، ئەوانەی بۆ خۆیان ناویان ناون فیرعەون!!) دەیانەوێ پەیکەرێك لە قارەمانی بۆ خۆیان بتاشن، کەچی بێئاگا و حۆشخەیاڵ لەوەی ئیدی لەم وڵاتە قارەمان دروست نابێت و هەر دەبێ لەناو بێزاری دەنگدانەوەی خۆیاندا سبەی بچنەوە قۆزاخەی خۆیان و ببنەوە رۆڵە بە ئەمەکەکەی بەر دەرگای هەندێك بەرپرسی شەریفتر لەوانی تر (بە قسە و حیسابی خۆیان!!).

بەهەرحاڵ پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە بێینە سەر ئەسڵی مەبەست، ئەگەرچی لەو بڕوایەدام کە دوای لێدوان و وتەکەی سەرۆکی هەرێم لە مەڕ سروودی (ئەی رەقیب) هێندە پێویست ناکات قسەی تری لەبارەوە بکەین، بەڵام دیسانیش ناکرێ ئەو پاشگەزبوونەوەی داهێنەری بیرۆکەی گۆڕینی سروودەکە لە چاوتروکانێکدا لە بۆچوونەکانی بەسەرماندا رەت بن...بەش بەحاڵی خۆم بەر لەوەی بکرێتە راوێژکار لە کولەکەی تەڕیشدا ناویم نەبیستبوو، ئێستاشی لەگەڵدابێت تێناگەم، کە ئاخۆ ئەو زاتە لە منداڵدانی کام حیکمەتەوە سەری دەرهێنا و لە کامە وەرزی داهێناندا وەك دۆمەڵان تەقی و کامە (با)ی یاخیبون و نوێبوونەوە و تێکشکاندنی تەوتەمەکانی کۆنسالاری لەگەڵ خۆیدا بۆ ئێمەی بە دیاری هێنا و بەو خێراییە تیشك ئاسایە – هەڵکەوت؟!

ئەوە مافی من نییە بپرسم و بزانم ئەو بەڕێزە چۆن و بۆچ و بەچ پێوەرێك کراوەتە راوێژکار، بەڵام بۆم هەیە پێی بڵێم بەڕێز بەم ئیمتیازەتەوە مەچۆرە بورجی عاج و بەرپێی لووتت نەبینی و ئیدی مادامەکێ راوێژکاری هونەری سەرۆکی حکومەتیت، دەبێ ریشمان بدەینە دەستتەوە و مافی ئەوە بە خۆت بدەیت بە پاساوی گۆڕانی سەردەم و بڕوبیانوی هەلومەرجی سیاسی دونیا و واقیعی سیاسی کوردستان دەستکاری سروودی (ئەی رەقیب) بکەیت، یان وەك ئەوەی لە ئاماژەی قسە و لێدوانەکانتدا دەیخوێنینەوە بە سروودێکی ئێکسپایەر پێمانی بفرۆشییەوە. من ئێستاش پێم وایە نەك هەر (ئەی رەقیب) پیرۆز نییە، بگرە لە دەرەوەی سەروەری مرۆڤ شتێکی پیرۆزتر نابینم، بەڵام کە کارەکە بگاتە ئەوەی خەڵك بە بێئاگا و بیرکۆڵ لە دونیا وسیاسەت و هونەر تێبگەیت (کە قسەکانت ئەو مانایە هەڵدەگرن)، ئاسان نییە مرۆڤ ئەو پارەوەی پێ قووت بچێ، مافی خۆتە لە بواری کار و بزاڤی هونەری لە کوردستاندا شتێك بە شتێك بکەی و پێشنیازی جوان پێشکەش بکەیت (بەڵام نەك وەك ئەوەی لە نێو ئەو هەموو هونەرمەندە ئافرەتە کوردانەدا چاوت هیچ کامیان نەبینێ و سوعاد حوسنی بکەیتە تەوەری گرنگیپێدان!!)، دیارە لە خودی پسپۆرییەکەشتدا ئەوە باشتر وایە هونەرمەندانی کوردستان خۆیان لەم بارەیەوە قسە بکەن و راشکاوانە بدوێن ( بە مەرجێ ئەگەر دەستیان لە بەر رێزلێنانەکەی وەزارەت بە کڵاوی خۆیانەوە نەگرتبێت)، وەك چۆن دوای رێزلێنانی ژمارەیەك هونەرمەند لە کۆشکی هونەر لە بن پەنا و پەسێوان باسی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت و شارچێتیان دەکرد، ئێستاش قسەی خۆیان بکەن.

ئەگەرچی بەڕێزتان دوای لێدوانەکەی سەرۆکی هەرێم هەر زوو گێڕەکەتان گۆڕی و بەو ئاراستەیەدا باتاندایەوە، کە مەبەستی تۆ لادانی سروودی (ئەی رەقیب) نەبووە و هیچ سروودێکیش شوێنی ئەوی دی ناگرێتەوە، بەڵام خۆزیا لێدوانەکانی خۆت بەر لەو وەرچەرخانە هێنابایەتەوە پێش چاو، ئەوانەی لە ماس میدیاکاندا لەم رووەوە دەرت بڕیبوون، ئەگەریش فریا ناکەویت پیایان دابچیتەوە، تەکلیفێك بکە و بەناوی پاراستنی ئەرشیفی تەشریفاتەکانت هەر دەزگایە و دانەیەکت بۆ رەوان بکەن (جا کاسێت بێت، یاخود رۆژنامە و گۆڤار)..ئەگەریش پێت وایە هەرشتێ (شێرکۆ) گووتی لەوحی مەحفوزە و هەموو کوردی لەسەر کۆکە، فاوڵێك دەدەیت، چونکە نەمزانیووە لە دونیادا سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی نەتەوەیەك وەك (رانك و چۆغە) بە رادان درابێت و شاعیریش بووبێتە خەیات و لە چاوتروکانێکدا کۆی نەتەوەیەك بە بوونە ماددی و مەعنەوییەکەی لە پێنج دێڕی کێش و سەرواداردا لە قاڵب بدات، وەکو تریش چاوبەستەکردنی خەڵك بەوەی ئەوەندە مۆسیکژەن و ئۆرکێسترای بیانی و کۆڕس و تەکنیکی هونەری لە بواری دەنگ و دابەشکردن و چی و چیتر لە کارەکەدا کراون و بەمەش سروودەکە پێرفێکت دەرچووە و کورد دەهەژێنێ، ئەمەش فاوڵێکی دیکەیە، چونکە زۆر سروود هەبوونە، کە لەکاتی شۆڕشدا و لە نێو ئەشکەوتێکدا و بەتەنها ئامێرێکەوە لەلایەن هنەرمەندێکەوە گوتراون، تا ئەم چرکەیەش لە یادەوەری زۆربەماندا زیندوون و لە بۆنەکاندا کاریگەریان ماوە.

هەرچۆنێك بێت پۆستەکەت پیرۆزە و هیوای سەرکەوتن بۆ کارەکانت، بە تایبەتی لە دەستگرتنی نەوەی نوێ و گەنج، بۆ ئەوەی بزاوتی هونەری بەهەموو لق و کایەکانییەوە لە کوردستاندا گەشە بکات و بەرەو پێش بچێت، بەڵام دەبێ ئەوە بزانیت کە بەڕێزتان راوێژکاری هونەرین، نەك شرۆڤەکار و راوێژکاری سیاسی و مێژوویی و ریش سپی نەتەوەیەك!!